**خەڵکی (کەرکوک)م، بەڵام لە سلێمانی**
**بە بەرچاوی خەڵکەوە دارکاری کرام**

شەوێ پێشتر  چەند بارەیان دەکردەوە کە حەشد ناتوانێ  شار بگرێ، کورد ناوی بە داعشبەزێن ناسراوە، حەشد و ئەو ڕیشپانانە چین کە بتوانن شاری کەرکوک و شوێنەکانی دی گلاو بکەن!. نەنەم کە پێشتر شەڕی دی بوو، پەیتا پەیتا قسەکانمی دەبڕی و دەیگۆ:

کوڕم باوەڕ بەمانە مەکە، پێشتریش کە ماڵمان لە خاڵوبازیانی بوو هەمان شتیان دەوت، ئەها سوپاکەی ئێمامی گەورەمان لەگەڵە، بزانە چۆن پێکەوە دەیانسوتێنن، نەوت و خاک و دنیایان لێ دەکەینە ئاگر!

کوڕم:

ئەو شەوەش پێش ٣١ ساڵ کە دڵی شاریان سوتاند، هەر ئەمانە بوون، کۆمەڵێکیان لەگەڵدا بوو بە فارسی دەدوان و پڕچەکبوون. ئێمە زۆر ترساین، تەواو وەک ئەمشەو ساماڵ بوو،  پایز تەمەنێکی کورتی مابوو، خەریکی پەنادانی زەخیرە و شتی دی بووین، هەر ئەو شەوە ڕومان کردە هەردەکان. ئەوان کاری خۆیان کرد و دنیا داگیرسا. بۆ بەیانییەکەی، کەسمان نەمانوێرا بگەڕێینەوە ئاوایی. ترسەکەی ئێمە لە جێگەی خۆی بوو، سوپاس هات و گوندەکانی ناوچەکەی ئێمە و جەباری هەموو خاپور کرد.

بە یانییە و هێشتا کزەی شەوی پایز، دڵی نەهاتووە ئاسمانی شار و ڕوحی فریوی ئەو پێشمەرگانە  جێبهێڵێ کە دوێ شەو شەهیدبوون. وتیان هات، بەڕاستیش هات، هات چەند فەرماندەیەکم بە گریانەوە بینی هاتن و وتیان:

فرۆشراین و ئێوەش بکشێنەوە و  هەڵبێن! حەشد کەرکوکی گرت. ڕوداوێکی دڵتەزین و هۆشبەر..

لە سەر پردەکەی ئیمام قاسم، چەند گەنجێک بووین، بەڵێنمان دا، تا بتوانین بەرگری لە شارەکەمان بکەین و ڕێگری بکەین. پێشتر سوێراوی ئاوارەییم چێشتبوو، بۆیە بە هەر نرخێک بێ، دەمویست بمێنمەوە. کاروانی تانک و پێشمەرگەکان پەیتا پەیتا لە ژێر تانە و جمێنی خەڵکدا بەلاماندا دەکشانەوە. تا دەمەو ئێوارە مامەوە و دواتر دایە و ئەوانم بۆ سلێمانی بەڕێکرد و تێمگەیاندن کە منیش کەمێکی دی دەکەومە ڕێ.

ڕۆژی دوایە، نزیک بانی مەقام بوومەتەوە، حەشدەکان بازگەیەکیان داناوە و بە ئارەزووی دڵی ئەوانەی شارەکەمیان فرۆش، سوکایەتی بە خەڵک دەکەن، دەبڕۆن دەی بە ڤیزە عەرەب دەکەنە ژوورەوە، دەبڕۆن ملتان بشکێنن! نۆرە گەیشتە سەرماشینەکەی من، دەستیان بە پشکنین کرد، بەڕێکەوت، ئاڵایەکیان لە نێو دەشبڵەکەدا دۆزییەوە، ئەوەندە بەس بۆ ئەوەی بە مشتەکۆڵە و پێلەقە بکەونە گیانم. هەی موخەربی کافر، لە جنسی جنۆکە و دەها جمێنی دی..

ناچار بەرەو سلێمانی وەڕێکەوتم، و سیمای پێشمەرگەی هەڵهاتوو و سەرکردە و منداڵ و ژن و ئاگری ماڵەکان و ئەو ئێوارەیەی کە حەشد ئاڵای کوردستان لە سەنتەری شار داگرت، تابلۆیەکی خوێناویان لە هۆشمدا هەڵکۆڵی.

مانگێک دەبێ لە سلێمانیم و وتەکانی نەنەم، وەک نوکی خەنجەری کەمەری ولاتفرۆشێک جەرگم دەبڕن: بڕوایان پێ مەکە کوڕم، ئەوانە درۆزنن، چەند نەوەیەکی ئێمەیان بە ناهەق داوە بە کوشت، ساختەچین! ئەو ئێلە، مۆرانەی ژیانی ئێمەن!

نیوەڕۆیە و لە باخی گشتی بە پا بەرەو لای سەرا دەچم، لەوەش تاڵتر. دەمەوێ کارێکم چنگ کەوێ و هەرهیچ نەبێ خواردنی ڕۆژانەی خۆم و دایکمی پێ مسۆگەر بکەم. لە شەقامی مەولەوییەوە تاکو سەرا، لە زۆربەی دوکاندارەکان دەپاڕێمەوە کە کارێکم بدەنێ. زۆر بێزار دەبم، تەنانەت لە چایخانەکانیش. هەندێ بە مللەقەنانەن دەڵێن نا وچەندێکیش بە ساردییەوە (نا)یەک دەهاوێژن.

دەگەمە شەقامێک نزیک جادەی ئۆرزدی کۆن، تووڕەیی دەمگرێ و ئیدی بەربەر خۆمەوە دەستدەکەم بە جنێودان بە هەموو ئەوانە کە بوونە هۆی فرۆشتنی شارەکەم، هەندێ جار دەنگم وا بەرز دەکەمەوە، هەن پێیان وایە شێتم. گوێم لێیە چەند کەسێک دەڵێن:

> ئەو کابرایە خۆی دۆزیوەتەوە، بێ ئاگایە لەوەی کە داربەرد بووەتە سیخوری ئەوانەی کە ڕێشپانی نوێیان هێنایە کەرکوک. بەردەوامم لە بۆڵەبۆڵە و جمیندان و کەوەری ڕێ دەکەم. دەمەوێ لە سەر شۆستەیەک دانیشم کەمێ پشو بدەم، هەر هێندە ئاگام لە خۆمە، لە پشتەوە بە دار و کلکە دەمانچە زرمەم لێهەڵدەستێنن و لێمدەدەن:

سەگباب! هەر ئیستە دەتنێرینەوە بۆ کەرکوک، با حەشد وەک سەگ بتتۆپێنن و لاشەکەت چون هەتیوەکانی دوز بسوتێنن. هەی بێ وەفا، چەندان ساڵە کوڕی ئەم شارە بۆ ئەو نەوتە بۆگەنەی ئێوە خۆی دەدا بە کوشت و خۆپیشاندانیش بۆ موچە دەکا، نە ئێوە، نە هەولێرییەکان نە شوێنەکانی دی ورتەتان لێوە نایێت! نە خەڵەتابی جارێکی دی دژمان بگریتە بێوەژن و نەوەی مەزارەکەی دەباشان! ئێمە زۆرین و شار هی ئێمەیە..

هەسارەکانی یادەوەرییم
ئاسۆ بیارەیی
١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

---

ڕۆژەڤی گەنجێکی کەرکوک کە لە ڕۆژی ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧ لە یەکێ لە شەقامەکانی سلێمانی، لێدانی لەسەر جنێودان بە گەورەکان خوارد..